ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا، نزایەکم فێر بکە، فەرمووی: بڵێ: (اللهم إني أعوذ بك من شر سمعي، ومن شر بصري، ومن شر لساني، ومن شر قلبي، ومن شر منيي)

لە شەکەل کوڕی حومەیدەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا، نزایەکم فێر بکە، فەرمووی: بڵێ: (اللهم إني أعوذ بك من شر سمعي، ومن شر بصري، ومن شر لساني، ومن شر قلبي، ومن شر منيي)، واتە: (خودایە، من پەنا بە تۆ دەگرم: لە شەڕی بیستنم ولە شەڕی بینینم ولە شەڕی زمانم ولە شەڕی دڵم ولە شەڕی مەنیم)».

[صەحیحە] [تورموذی گێڕاویەتیەوە - نەسائی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

لەم فەرموودەیەدا شەکەل کوڕی حومەید -ڕەزای خوای لێبێت- دەچێت بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بۆ داواکردنی خێری دونیا ودواڕۆژ، ئەو نە داوای چێژێکی کاتی فەوتاو وکاتی دونیای کرد لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، ونە دوای چنگێک پارەی کرد، ونە داوای بڕێک خواردنی کرد، بەڵام چوو داوای نزای کرد، دەیەوێت پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نزایەکی فێر بکات کە سوودی هەبێت بۆ دینداری وبۆ دونیاشی، ئەمەیە هەقیقەتی هاوەڵان -ڕەزای خوایان لێبێت- کە داوای فەزڵ وڕازی بوون لە خوای گەورە دەکەن، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕێنموێنی کرد بۆ ئەم نزا مەزنە، پێی فەرموو بڵێ: (اللهم إني، واتە: خودایە من): پاڕانەوە وداواکردنە لە خوای گەورە -سبحانه وتعالى- بە ناوێک کە هەموو ناوە جوانەکانی خودای لە خۆ گرتووە (الله). (أعوذ بك من شر سمعي، واتە: من پەنا بە تۆ دەگرم لە شەڕی بیستنم): پەنا: واتا داوای پاراستنم لە تۆ دەکەم ئەی خودا لە شەڕ وخراپەی بیستنم، ئەمیش بیستن وگوێگرتن بۆ حەرامکراوەکان دەگرێتەوە وەکو بیستنی: شاهێدی وقسەی درۆ، وقسەی کوفر وبوهتان، وگاڵتەکردن بە ئیسلام وهەموو حەرامکراوەکانی تر کە پەیوەندی بە بیستنەوە هەیە. (ومن شر بصري، واتە: ولە شەڕی بینینم): ئەمیش بینینی حەرامکراوەکان دەگرێتەوە وەکو: سەیرکردنی فلیمە ڕووتەکان، ودیمەنە قێزەونەکان. (ومن شر لساني، واتە: ولە شەڕی زمانم): واتە لە هەموو قسەیەکی حەرام کە لە دەمەوە دەردەچێت وەکو شاهێدی دانی درۆ، وجوێندان، ونەفرەت کردن، وگاڵتەکردن بە ئیسلام ومسوڵمانان، یان قسەکردن لە شتێکدا کە پەیوەندی بە تۆوە نەبێت، یان وازهێنان لە قسەکردن لە شتێک کە پەیوەندی بە تۆوە هەبێت. (ومن شر قلبي، ولە شەڕی دڵم) : ئەمیش ئەوە دەگرێتەوە کە مرۆڤ دڵی پڕ بکات لە جگە لە یادی خودا -سبحانه وتعالى-، یان ئەوەتا پەنا بباتە جگە لە خوای گەورە لە پەرستنەکانی دڵدا وەکو ڕەجا وتکا کردن وترس، وبە مەزندانان، یان واز لە تایبەتکردنی پەرستنەکانی دڵ بهێنێت کە دەبێت تەنها بۆ اللە بێت -سبحانه وتعالى-. (ومن شر منيي، واتە: لە شەڕی منیم): مەنی ئەو ئاوە سپیە لینجەیە کە پاش جیماع کردن دەردەچێت کە بۆنێکی هەیە، ولێرەدا مەبەست ئەوەیە پەنا دەگرم لە شەڕی دامێنم (عورەتم) بەوەی شەهوەتم لە شتێکدا دامرکێنمەوە کە خودا حەرامی کردبێت، یان بیێتە هۆی ئەوەی تووشی ئەنجامدانی پێشەکیەکانی زینا بم وەکو: نەزەر کردن ودەست بەرکەوتن وڕێکردن وپێداگیر بوون، وهاوشێوەی ئەمانە، ئەم نزا پیرۆزە هۆکارە بۆ پاراستنی ئەندامەکان کە نیعمەتن لە لایەن خوای گەورە -سبحانه وتعالى-، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لێرەدا فەرمانی پێکرد کە پەنا بە خودا بگرێت لە شەڕی ئەم نیعمەتانە، وفەرمانی پێنەکرد کە پەنا بە خودا بگرێت لە شەڕی نیعمەتەکە وەکو ئەوەی بڵێت: (أعوذ بالله من سمعي، واتە: خودایە پەنا بە تۆ دەگرم لە بیستنم)، چونکە بەهۆی ئەم نیعمەتانەوە خودا دەپەرستین، بۆیە ئەم نیعمەتانە شەڕی ڕەها نین هەتاوەکو پەنا بگرین لێیان بەڵام پەنا بە خودا دەگرین لەو شەڕ وخراپانەی کە بەهۆیانەوە دەکرێت، وپاراستنیان بەو شێوەیە دەبێت کە دەبێت بزانرێت بۆچی خودا دروستی کردوون، وتاوانیان پێ ئەنجام نەدرێت، و بەهۆیانەوە خراپە بڵاو نەکرێتەوە، چونکە بەندە بەرپرسیارە لە ڕۆژی قیامەتدا بەرامبەر ئەم نیعمەتانە، خوای گەورە دەفەرموێت: {وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ إِنَّ السَّمْعَ وَالْبَصَرَ وَالْفُؤَادَ كُلُّ أُولَئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْئُولًا} [الإسراء: 36] {وشوێن شتێک مەکەوە کە زانیاریت دەربارەی نییە، بەڕاستی گوێ وچاو ودڵ هەموو ئەوانە (خاوەنەکانیان) بەرپرسیارن لێیان}.